سەرۆک وەزیران و هاوتا چیکییەکەی سەرپەرشتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە و پێنج یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن دەکەن

سەرۆک وەزیران و هاوتا چیکییەکەی سەرپەرشتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامە و پێنج یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن دەکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەڕاگەیندراووکدا کەئاژانسی موتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە بۆاویکردووە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی و هاوتا چیکییەکەی پیتەر فیالا سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی واژۆکردنی ڕێککەوتن و پێنج یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان لە چەند بوارێکدا کرد. وتیشی ئەمش لە چوارچێوەی سەردانە فەرمییەکەی ئەمڕۆی پێنجشەمەیدا بۆ پراگی پایتەختی چیک. هەروەها هاتووە"ڕێککەوتنامەی گواستنەوەی ئاسمانی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق و چیک واژۆ کرا، لەگەڵ واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی نەوت و وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی چیک.

هەروەها لە ڕێوڕەسمەکەدا واژۆکردنی پەڕەی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی ناوخۆی عێراق و چیک و یاداشتنامەی هاوکاری نێوان فیدراسیۆنی پیشەسازی عێراق و چیک و یاداشتنامەی هاوکاری نێوان فیدراسیۆنی ژوورە بازرگانییەکانی عێراق و چیک بەڕێوچوو، جگە لە بەڵێننامەیەک لەگەڵ

وەزارەتی ژینگەی عێراق.